
# شێرزاد حەسەن "هەمیشە وتومە بەختیار عەلی لەو ئیبراهیمە دەچێت کە دەیەوێت لەڕێگەی شکاندنی بتەکانەوە گومان دروستبکات"


بەشی کۆتایی

دیداری مەریوان هەڵەبجەیی

فۆتۆ : هێمن عەبدولقادر


**● ئەم بەشەی گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا شێرزاد حەسەن-دا، دواین بەشی کتێبێکەو لە ئایندەدا لەگەڵ چەند فەسڵێکی تردا بڵاودەبێتەوە، ئەمەش دوایین بەشێتی لە گۆڤاری لڤین-دا بڵاودەبێتەوە، نووسەر لەبارەی نوێخوازیو چەمکی نوێگەری بەگشتیو بەرهەمی نەوەی نوێو بەرهەمەکانی نووسەرو رووناکبیر بەختیار عەلی دەدوێتو پاشان بەوردی باس لەو سەفەرەی دەکات کە بە داوەتی (PEN) چوو بۆ وڵاتی فنلەنداو ئاماژەش دەکات بە جیاوازییو پەیوەندییەکانی کولتووری ئێمەو ئەوان.**



**لڤین: نوێخوازی لای تۆ چییە؟ ئەی لای نووسەرانی کورد چۆنی دەبینیت؟**

**شێرزاد حەسەن:** بۆ من نوێخوازی زادەی یا بەرهەمی ژینگەیەکی تازەیە کە ئەقڵێکی تازە بەرهەمی دەهێنێت. تۆ ناتوانیت بانگەشەی نوێخوازی بکەیت، ئەگەر هەموو شتەکانی تریت فەراهەمنەکردبێتو لە سەردەمەکەی خۆت بەباشی تێنەگەیشتبیتو خاوەنی هەموو ئەو کەرەستەو زمانانە نەبیت کە دەتوانێت تەعبیر لە ساتەوەختی هەنوکەیی بکات، بۆیە نوێخوازی پێویستی بە زمانو تەکنیكو فۆرمو لە هەمووی گرنگتر جیهانبینی نوێی هەیە، ئایا تۆ دەتوانیت بەبێ ئەوەی جیهانبینییەکی تازەت هەبێت، یاخود بەبێ ئەوەی کەسێکی سەرکێش بیت باس لە نوێخوازی بکەیت، یا بەهرەمەند بیت، بایی ئەوەی کە فکرەیەکی قووڵت هەبێت. تۆ تا هەموو ئەمانەت نەبێت، ناتوانیت قسە لەنوێخوازی بکەیت. دەبێت خاوەن مەعریفەتێکی زۆر قووڵ بیت بۆ تێگەیشتن لە سەردەمەکەی خۆت. پێموایە هەر نووسەرێکی هاوچەرخ خاوەن ئەفسانەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەگەر تۆ خوڵقێنەری ئەفسانەیەکی تازە نەبیت کە ئەفسانەی خۆتە، یا خەونبینینێکی خۆتە یان جیهانبینیەکی تایبەت بە خۆتە، ناتوانیت نووسەرێکی نوێخواز بیت. من وەك نووسەرێك ناتوانم بڵێم سەبارەت بە سێکسو مەرگو خۆشەویستیو بوونو نەبوون نوێخوازی تایبەت بە خۆمم هەیە، یان بانگەشەی نوێخوازی بکەم، لە کاتێکدا من هیچ جیهانبینیو دیدگایەکی تایبەت بە خۆمم نەبێتو بەدیهێنانی ئەو دیدگاو روانگەو جیهانبینییە لە شەوو رۆژێکدا پەیدانابێت. دەبێت هەزمی کۆی مەعریفەتی چەرخەکەی خۆت کردبێت، کە باس لە نوێخوازی دەکەیت، دەبێت کوڕی سەردەمەکەی خۆت بیتو لە هەموو نهێنییەکانی سەردەمی خۆت گەیشتبیتو لە پێویستییەکانو لە خەونەکانی ئێستای خۆت گەیشتبیت. ئیدی بایی چەند تۆ دەتوانیت قودرەتو هێزێکی وا گەورەت هەبێت کە هەڵکۆڵینێكو تێگەیشتنێکت بۆ ئەم قۆناغە هەبێت، ئەوە پەیوەست دەبێت بە تواناو ئەندێشەی تاکەکەسی خۆتەوە. تا چەند توانیبێتت چووبیتە چینەکانی ژێرەوە، لە بواری خوێندنەوەی کۆمەڵگای خۆت، ئەگینا ناتوانیت بەهیچ شێوەیەك بانگەشەی نوێخوازی بکەیت.

**لڤین: رات لەسەر بەرهەمی نووسەرانی نەوەی نوێ چییەو تا چەند ئاگاداری بەرهەمەکانیانیت؟**

**شێرزاد حەسەن:** هەندێکیان تاكو تەرا، بۆ نموونە؛ کۆی ئەزموونی جەمال جەبار غەریب-م خوێندووەتەوەو لەسەرم نووسیوە، وەك گیانی تاشەکانو شکانی زێ. سەرەتا چوار پێنج چیرۆکی جوانی نووسی، بەڵام هەندێك ئەزموونی تری هەیە، وەکو؛ چناری شیر، بەناوی نۆڤلێت نووسیویەتی، من هیچ چێژێکم لێنەبینی. هەندێك جار هەندێك چیرۆك دەنووسێت، سەرسامم دەکات، وەك؛ شکانی زێ یان گیانی تاشەکان، بەڵام کۆی چیرۆکەکانی رێبوار حەمەڕەحیم کە رەنگە چوار پێنجێك بووبن، زۆر زۆر سەرسامیانکردم، فەزایەکی ترە، چیرۆکی عەتا محەمەد بردمی بەرەو لای خۆی، گۆران باباعەلی کە ئێستا لە هۆڵەندایە، سەرەتایەکی جوانی هەبوو، ئەویش لەبەرئەوەی لەنێوان وێنەکێشانو خوێندنی ئەکادیمیو لەنێوان چیرۆكو لەنێوان تاراگەودا، ئێستا نازانم گەیشتووەتە کوێ، بەڵام دەکرێت نەوەیەك بن کەمو زۆر هەندێکیان لەنێوان بەرهەمهێنانی جوانیو ناشرینیدا تیا ماون، بۆ نموونە؛ کوڕێك هەیە، مەولود ئیبراهیم، راستە چیرۆکی زۆر کەمی نووسیوە، بەڵام هەندێك شتی زۆر جوانی نووسیوە کە پێمخۆشە لەپڕ چیرۆکێك دەنووسێت، دەکرێت چیرۆکەکەی سادە بێت، واتە ئەزمونێکی زۆر پڕنییە لەبەردەممدا کە بڵێم بەکۆی ئەو ئەزموونە سەرسامم، بەڵام هەر چیرۆکنووسێك لەو چیرۆکنووسانە، بۆ نموونە؛ شیرین کافو کاروان عومەر کاکەسوورو یوسف عیزەدینو ئاکۆ کەریمو چەندین کەسی تر کە ئێستا ناوەکانیانم لەبیرکردووە، کاردەکەن، بەداخەوە ناتوانم هەموو ناوەکان بیر خۆم بێنمەوە، بەڵام وەکو پێموتی گەمە

لەنێوان جوانیو ناشرینی دەکەن. هەستدەکەم دەکرێت نەوەیەکی جیاواز بن لە هەندێك رووەوە. دەکرێت زمانێکی خۆیان هەبێتو هەستدەکەم هێشتا عومرێکی درێژیان لەبەردەمدایە تا بتوانن کاربکەن، ئەوانیش هەر لەو ئەزموونکارییەدا دەژینو نازانم ئایا لە ئاییندەدا چۆن دەبن، چونکە هەمیشە ئاییندە قسەی خۆی هەیە. نەوەیەك هەیە ژمارەیەکی زۆری ئیفلیجە، ئەراگۆن وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت؛ هەموومان لاساییکەرەوەین. من دەیان جار ئەم رستەیەم دووبارەکردووەتەوە، ئەوە نییە وەك پینەکردن یان پاساودان تەماشابکرێت. منیش جاروبار تۆمەتباردەکرێم، بەڵام هەستدەکەم دیسانەوە زۆر رەوایە قسەی خراپ لەسەر ئێمە بکرێت، هەموو تۆمەتێك رەوایە، هەرچی گوناه هەیە رەوایە، ئەگەر مێژووی ئەدەب هەبێت، بەیانی دەیسەلمێنێت کێ شتێك لە رۆحیدا هەڵدەقوولاٌ، کێش درۆزنو ساختەکار بوو، مەرج نییە ئەمرۆ هەموو شتەکان دەربکەون، بەڵام ئەزموونی بەختیار نەك وەك ئەوەی کە رۆمان دەنووسێت، بەڵکو وەك کورێك لەنێوان شیعرو لێکۆڵینەوەو رۆماندا خاوەن ئەزموونێکی تایبەتە. هەموو جارێك بە خۆم وتووە من لە دەرەوەی خۆم کەسێك ببینم بەو هەموو گومانو پرسیارەوە، هەر ئەوەندە دەکرێت بڵێم شاگەشکەم بەو گومانو پرسیارانە، خۆشمدەوێت، نەك لەبەرئەوەی دڵداری لەگەڵدا دەکەم، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو کەسە دەکرێت میراتێك بۆ منو خەڵکی دەوروبەری من زیادبکات، دەبێت پێشوازیی لێبکەم، بۆیە پێشوازیی لە بەختیار پێویستە، پێشوازییەکەش کوێرانە نییە، وەك کەسێك کە جیلی دوای منەو دەکرێت پێیبڵێین دەنگی دیاری نەوەی نوێ، بەڵکو پێشوازیی لە کەسێکە کە هێزێکی تازەی پێیەو وزەیەکی تازەی پێیە کە دەکرێت رێزی لێبگیرێت، بەڵام ناتوانمو شەڕیشم نییە لەگەڵ ئەو کەسانەی هێرشدەکەنە سەر من یان ئەوان، ئەوان ئازادن. لەنێوان ئێمەو دۆستو دوژمنەکان، خوێنەری سادە هەیە کە ئێمە دەنگمان پێیاناگات، مەبەستم سادە ئەوە نییە کە گێلە. خوێنەرێکە تەماسی راستەوخۆی لەگەڵ مندا نییەو لە بواری فکرو ئەدەبیشدا قسەی خۆی هەیە، ئەو کەسە دواجار بەقەد خوێنەرەکان، شیکاریی خوێندنەوەی دەقی جیای هەیە.

**لڤین: مامۆستا جەنابت وەک نووسەرێکی بەتوانای جیلی حەفتاکانو هەشتاکان کە تاوەکو ئەمرۆش بەردەوامیت، پێشوازییەکی تایبەتت کردووە لە جیلی دوای خۆتو نەوەی نوێو هەمیشە بەجوانیو شایستەییەوە باستکردوونو هەرگیز وا دەرنەکەوتووە کە مەترسییت هەبێت لەوەی کە ئەو جیلەی دوای خۆت تۆ بسڕنەوەو لەبیربکرێیت. نموونەیەکی دیاریش؛ دەرکەوتنی نووسەرو رووناکبیر بەختیار عەلی بوو لە ناوەندی رووناکبیریی کوردیدا، ئەو پێشوازییەی جەنابت بۆ ئەو، بە جۆرێک وەک پێشبینییەکی چاوەڕواننەکراو سەیردەکرا. ئەمرۆ لە پاش چەندین ساڵ کە بەختیار عەلی ناوێکی دیاری ناو ناوەندی روناکبیریی کوردییە، چۆن دەڕوانیتە کارو بەرهەمەکانیو خوێندنەوەت چییە بۆی؟**

**شێرزاد حەسەن:** بێگومان من چەند جارێك دووبارەم کردووەتەوە؛ ئەو یەکێکە لەو کەسانەی پرسیاری دروستکرد، من ناڵێم بەر لەو پرسیارو گومان نەبووە، بەڵام ئەو پرسیارو گومانی تازەی هێنایە کایەوە، تووڕەبوونی کرد بە سیاسەتی خۆی، تووڕەبوون لە دۆخێك کە دۆخی ئێستای کوردەو ئەو توانی لە رێگەی پەیداکردنی مەعریفەیەکی قوولو ئاشنابوونێکی باش بە فیکری خۆرئاوا، گرنگییەکی زۆر بدات بە کۆمەڵگەی کوردیو خوێندنەوەی تازە لە رێگەی کۆمەڵێك تیۆریسێنو بیرمەندو فەیلەسوفی گەورەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکات. پێموایە بەختیار سەرچڵترین کەسی ئەو نەوەیە بوو، سەرکێشترین کەس بوو کە توانی بەبێ شەرم ئەو پانتاییە رەشانە ببینێت کە لە ژیانی سیاسییو کۆمەڵایەتیی ئێمەدا هەیە، تا ئێستا کەس لێی نەدواوە، یاخود بێدەنگییەکی زۆر هەبووە بەرامبەریان، ئەو توانی ئەو کەلاوەیەمان پیشانبدات کە لەناو هەریەك لە ئێمەدایەو لەناو خانەکانی ژیانی ئێمەدایە. ئەو بۆ خۆی کەسێکە کارەکانی خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵگای کوردی لە رێگەی وتارە فیکرییەکانییەوە، خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی، هەروەها رۆمانەکانی، کە شوێنی تایبەتو پانتایی گەورەی ئەدەبیاتی کوردییان داگیرکردووە، بەشێکی تر لە بەرهەمە گەورەکانی، بابەتە رەخنەییەکانیەتی لەسەر ئەدەبو کولتووری کوردیو پێویستی بە لەسەر وەستانو خوێندنەوەی جیاوازو دەوڵەمەند هەیە، بۆیە سەیردەکەیت ئەمرۆ هێندەی دۆستەکان، دوژمنی بۆ پەیدابووەو لێرەو لەوێ تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن. بەلای منەوە تووڕەبوونی ژمارەیەك لەو خەڵکە سەیرنییە کە چاوی بینینی ئەو هەموو داهێنانەیان نییە، لەبەرئەوەی هەموو بیرێکی نوێ بەئاسانی لە قۆناغی یەکەمدا هەرگیز قبوڵناکرێت. هەمیشە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵك بەو فیکرو دیدگا تازەیە، بەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئاشنا نین. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەدگومانییەکی گەورە دروستببێت لەلایان بەرامبەر بە ئەو کەسە یا بەرامبەر بە داهێنانەکەی. ئەوەندەی من ئەدەبیاتو نووسینەکانی بەختیار عەلی دەخوێنمەوە، هەستدەکەم پەرۆشییەکی گەورەی هەیە بۆ وردبینینی کۆمەڵگای خۆمان. ئەو پێویستە وەکو خۆی بخوێنرێتەوە نەك وەکو ئەوەی کە دەبێت جوانبکرێت. بەهیچ شێوەیەك ئەو خۆشی لەگەڵ ئوتووکردنو میکیاجکردندا نییە، هەروەکو چۆن خۆی لەگەڵ رووتکردنەوەی شتەکاندایە، بۆیە ئەو لەو منداڵەی ناو چیرۆکەکەی ئەندەرسن دەچێت کە لە چیرۆکی (بەرگی ئەفسووناوی)دا دەڵێت؛ پاشا تۆ رووتی، لە کاتێکدا هەموو وەزیرو گزیرەکان درۆ لەگەڵ پاشا دەکەنو دەڵێن تۆ بەرگێکی ئەفسووناویت لەبەردایە. ئەو پاشا رووتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی لە راستیدا پاشا خۆی رووتە. ئەو لەناو ئەو ناوەندەی ئێمەدا، دیارترین دەنگە کە بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی دوایی بەجورئەتەوە هەمیشە ئەو روتێتییەی پیشانداوەو هەوڵیداوە حەقیقەتەکان وەك خۆی ببینێت. بۆ دەبێت من پێشوازی لەم دەنگە جدییو بوێرو داهێنەرە نەکەم، بۆ دەبێت رێزی نەگرمو خۆشمنەوێت، ئایا گوناه نییە کەسێك بەدرێژایی بیست ساڵ ئەو هەموو چالاکیو کۆڕو بەرهەمو سیمینارو شاکارە ناوازەیەی هەبێت، رێزی لێنەگیرێت. من خۆشحاڵم بەوەی کە یەکێك بووم لەو کەسانەی کە لە سەرەتاوە ئەگەر توانیبێتم پێشوازییەکی باشم لەو کوڕە کردبێت، چونکە بە شایستەی زۆر لەوە گەورەتری دەزانم، ئەمە شتێکیش نییە تەنها بەتایبەت من کردبێتم، لە کولتوورەکانی دنیادا هەمیشە نووسەرو رووناکبیرە گەورەکان شاگەشکە دەبن بە بینینی بەرهەمی جوانو قەڵەمی بەتواناو درەوشاوەی پاش خۆیان، نەك هەر پێشوازییان لێدەکەن، بەڵکو بەردەوام رێگایان بۆ خۆشدەکەنو هانیاندەدەنو لەرێگەی میدیاکانەوە لەسەریان دەدوێن. بەداخەوە ئەمە

تەنها لە کولتووری ئێمەدایە، کە بەو شێوە ناشرینە نەوەیەك دژایەتیی نەوەیەکی تر دەکاتو نایەوێت حەقیقەتەکان وەك خۆیان دەربکەون، ئەگەرچی ئەو نەوە کۆنەپارێزە زۆرو بەهێزبنو سیستەمە گەورەکانیشیان لەپشتەوە بێت، ناکرێت بتوانن حەقیقەتەکانو شاکارەکان پەردەپۆشبکەن. هەمیشە وتوومە بەختیار لەو ئیبراهیمە دەچێت کە دەیەوێت گومانێك دروستبکات لە ڕێگەی شکاندنی بتەکانەوە، ئەو زۆر بەوردیو بە مەعریفەیەکی قووڵەوە ئیشیکردووە لەسەر شکاندنی موقەدەسو ئایدیاو کۆنەپارێزییو هەموو چوارچێوە تەقلیدییو دواکەوتووەکان. دیارە مێژوویەکی درێژی بتپەرستیش لای ئێمە هەیە، بتپەرستن بە مانا فکرییەکەی دەڵێم، بۆیە زۆر زەحمەتە تۆ ئیبراهیمێك قبوڵ بکەیت کە بتەکان بشکێنێت، چونکە تۆ قۆناغێکی دوورودرێژ لەسەر پەرستنیان راهاتوویت. دەکرێت ئەو بتە حیزب بێت، یان خێزان بێت، یان دەزگایەکی پەروەردەیی بێت، یان هەر خانەیەك لە خانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیی ئێمە بێت.

**لڤین: مامۆستا دەکرێت باس لەو سەفەرەی فنلەندات بکەیت، کە دەکرێت بە یەکەمین سەفەری فەرهەنگی نووسەری ئێمە دابنرێت بۆ رۆژئاوا، مەبەستم ئەوەیە لە ناوخۆی کوردستانەوە نووسەرێک داوەت کرابێت بۆ کۆڕێکی ئەدەبیو گفتوگۆو موناقەشەی لەگەڵ کرابێت، ئایا ئەو دیدارانەی جەنابت کە لە ڕێگای ئەو کۆنگرە جیهانییەوە مەیسەر بوو، چەندە دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر دروستبوونی پەیوەندییەکی باش لە ئایندەدا بۆ ئەدەبیاتی ئێمە؟**

**شێرزاد حەسەن:** وەکو چەند جارێکی تریش لە دیدەنی تر وتوومە؛ بە داوەتنامەیەك کە یانەی قەڵەمی جیهانی بۆی ناردم کە پێیدەوترێت (پێن)، چوومو موحازەرەیەکیشم هەبوو، لەوێدا خوێندمەوەو ئەو رۆژگارە من لە دۆخێکی خراپی دەروونیدا دەژیام، لەبەرئەوەی کەمو زۆر هەڕەشەو ترسێکم لەسەر بوو، تەنانەت بە دەلیلی ئەوە، خێزانەکەم ئامۆژگاریی کردم کە بمێنمەوە لەوێو ماوەیەك خۆم بشارمەوە. مانەوەم پەیوەندیی هەبوو بە خۆشاردنەوەوە، تەماحێکی گەورەش بەوەی کە ئەگەر بۆم بڕەخسێتو لەوێ بتوانم بژیم، لەگەڵ شارستانیەتێك لە رۆژئاوادا هەڵبکەمو بڕۆم، بەڵام هەڵمەنەکردو لەوە دەچێت من جووتیار بم، یان شوان بم، لەناوەوە سۆزێکی گەورە داگیریکردم بۆ خەڵكو خاك، بەو مانا تەقلیدییە نا کە

# "من لە فینلەندا تێگەیشتم راستە کۆمەڵگاکانی ئەوان کراوەن، بەڵام لە هەمانکاتدا هیلاکیشن"

نیشتیمانپەروەرم، بەڵکو ئەو شوێنانەش کە زۆر ناشرینن، بە منداڵیو گەنجێتی تێیدا ژیام، زۆم خۆشتر دەوێت لەو شوێنانەی کە جوانن و ئەگەر لە ژیانمدا کچێکم خۆشویستبێت یان کچێك منی خۆشویستبێت، منی دۆڕاندبێت، هەتا ئەویش بۆ من مێژوویەکەو هیچ رقم لێی نییە، لەبەرئەوەی هەر کەسێك مێژوویەکت بۆ دروستدەکات، من قسە لەسەر پەیوەندیی دەکەم، سەدان دەریاچەی جوان هەبوو لە فنلەند، بەڵام هیچ تامی دەریاچەی دوکان بۆ من نادات، سەدان دارستانو ملیۆنەها درەختی لێیە، بەڵام هیچ مانایەکیان بە من نەبەخشی، هێندەی ئەو دارستانەی کە لە کوران، کە رۆمانەکانم دەبردو لەژێر درەختەکانی ئەوێ دەمخوێندەوەو گوێم لە کوکوختییە غەمگینەکان دەگرت، قەناعەتم وایە وەکو باشتاکر دەڵێت؛ هێلانەی یەکەم مەرج نییە جوان بێت یان ناشیرین، تەنها ئەوە هێلانەی تۆ بوو، بۆیە من سۆزێکی گەورە بۆ خەڵکی داگیریکردم، گەڕانەوەم بۆ لای ئەو کەسانەی کە خۆشمدەوێن یان خۆشیاندەوێم، گەڕانەوەم بۆ زێدو خاكو ئەو شوێنانەی منداڵیمو گەنجێتیم تیا بەسەربردووە، ئەگەرچی زۆر ژیانێکی خراپیش ژیام، من لەوێ تێگەیشتم ئەوێ کۆمەڵگەیەکی کراوەیە، بەڵام کۆمەڵگەیەکی هیلاکیشە، خەڵك لەوێ بە سەدەها یا هەزارەها دەبینیت، تەنهاو هیلاكو بەدمەستن، هێندەی ژمارەی ئێرە بێوەژنی لێیە، بەڵام کۆمەڵگەیەکی کراوەیە، لە رووی تاکرەوییو تاکەکەسیی، خەڵك لەوێ ئازادە چۆن دەژیو چۆن بڕیاردەدات، بەڵام ئێمە ئەوەمان نییە، کەمو زۆر ئێمە دەتوانین بە خۆمان بڵێین کۆمەڵگەیەکی داخراوین، بەڵام لەوێ فەزایەکی کراوەتر هەیە، بۆ جۆری هەڵبژاردن لە چۆنێتیی ژیانی خۆت، تەنها ئەوە جیاوازییەکەیە،

بەڵام دەکرێت جۆرێك لە شارستانییەت هەبێت، دەکرێت کۆشكو تەلارو جادەو بارو تیاترۆخانەکان خاوێنتر بێت، بەڵام بەو مانایە نییە کۆمەڵگەیەکن جوانترن لە ئێمە، ناکرێت ئێمە بە کۆمەڵگەیەك بڵێین جوانە یان ناشیرینە، چونکە پێوانەی جوانو ناشیرینی بۆ ئێمە جیاوازە، بەڵام وەکو شێرزاد، وەك کەسێك، بۆ خۆم من ئەو دە مانگە تێگەیشتم کە ناتوانم لەوێ بژیم، بۆ یەکەمجار بۆنی مەرگو پیریم کرد لە خۆم، لەوێدا هەستمکرد پیردەبمو دەمرم، لە مووی سەرمەوە هەڵدەوەری تا دەگا بەو بەفرەی کە لەژێر پێمدا بوو، حەوت هەشت مانگ لەوێ خرمەی دەهاتو ئەو سپێتییەی کفنی مەرگمی بیردەخستەوە، سپێتیی ئەم وڵاتە گەورەیە زۆر هاوشانە لەگەڵ سپێتیی کفنی مەرگ، بەتایبەتی کە هاوڕێم رابەر جەلال لەوێ مرد، هەستدەکەم لە غوربەتدا مرد، ئەو کوڕە هیچ بەڵای نەبوو، مەرگی ئەو ترساندمی، لە چەندین دیدەنی تر باسمکردووە، هەستمکرد من رۆژێك وەکو ئەو دەمرم، بەڕاستی لێت ناشارمەوە تێگەیشتم کە ئاشنانیم بە میترۆو بە شەمەندەفەر، وەکو پێموتی لەناوما شوانێك؛ جوتیارێك؛ گاوانێك هەبوو کە نەیدەزانی لە شارێکی وا قەرەباڵغدا بژی، ئاسوودەم بە کوێرەگوندەکانی لای خۆمان، بەتەنها لەو کوێرەگوندانەدا یان لەو شارە پیسانەدا دەتوانم بژیم، من دەیان جاری تر وتوومە لەوە دەچێت وەکو ئەو کرمە وابم کە ئەگەر لەناو گو دەرمبهێنیت، دەمرم. پێتدەڵێم من دوو ژیان ناژیم، یەك ژیان دەژیم، ئەگەر دوو ژیان بژیامایە، یەکێکیان لە وڵاتێك دەژیامو یەکێکیان لە تاراوگە، لەبەرئەوەی قەدەری من ئەوەیە کە یەکجار دەژیمو دەمرم، پێویستە لە وڵات بم، بە هەموو جوانیو ناشیرینی ئەم وڵاتە خۆیەوە، ناشزانم ئەمە بڕیاری ئەمڕۆمە، لەوانەیە بەیانیش سەرهەڵگرم وەك هەر شتێك. ئیدی تا ئەم لەحزەیە گەڕانەوەم بە بڕوایەکی زۆر گەورەوەو قەناعەتم وایە من پەیوەندییەکی دڵدارییم لەگەڵ هەموو درەختێكو بنچکێكو کەرتەشاخێكو جۆگەلەیەكو شەقامێكو قوڕاوێكو پیرەژنێكو گۆڕی دایکمو نازانم چییو چییەوە هەیە، پەیوەندییەك ئەگەر لێیدابیڕێم، دەخنکێم، بەبێ خەڵك دەخنکێم، مەبەستم خەڵك ئەوانە نییە کە خۆشمدەوێن، هەتا بە دوژمنەکانیشەوە.

**لڤین: مامۆستا بەپێی ئەو دیدارانەی کە لەو**

**سەفەرەتدا لەگەڵ نووسەرانی ولاٌتانی ئەورووپاو ئەمریكای باشوور هەتبوو، هەروەها مانەوەی ماوەی چەند مانگێک لەناو كولتووری ئەواندا، دەكرێت لەبارەی پەیوەندیی كولتووری ئێمەو ئەوانو جیاوازییو هاوبەشییەكانەوە بدوێیت؟**

**شێرزاد حەسەن:** هەستدەكەم زۆر سیفاتی هاوبەش هەیە لەنێوان مرۆڤ، مرۆڤی ناسكو جوانو خۆشەویست هەیە، لە فنلەندا خەڵكی زۆر خۆشەویستم ناسی، زۆر جوانو میهرەبان زۆر دڵسۆز، بۆیە دەكرێت ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێت كۆمەڵێك سیفەت هەبێت پێیدەوترێت جوان لە مرۆڤدا، لە رۆژهەلاٌتو رۆژئاوادا هەیە. ئەگەر قسە لەسەر خۆشەویستییە، لەوێ خەڵك هەیە لەسەر عیشقو خۆشەویستی، وەكو منو تۆ دەتلێتەوەو دەگری، وەك چۆن خەڵكی لێرە درۆدەكات، لەوێش خەڵك درۆدەكات، وەك چۆن لێرە خەڵك خیانەت دەكات، لەوێش دەیكات، وەك چۆن خەڵك لەپێناو چیرۆكی عەشقێك؛ خۆشەویستییەك؛ مەبدەئێك، ئامادەیە سەری خۆی بكاتە قوربانیی، لەوێش هەیە ئامادەیە سەری خۆی بكاتە قوربانیی، وەك چۆن لێرە درەخت هەیە، لەوێش هەیە، وەك چۆن رووبار هەیە، لەوێش هەیە، وەك چۆن لێرە مەل هەیە، لەوێش هەیە، هەرچی سیفاتی جوانو ناشرین هەیە لەنێوان مرۆڤەكاندا، لە رۆژهەلاٌتو رۆژئاوا كۆماندەكاتەوە، بۆیە هەستناكەم بوونەوەرەكان ئەوەندە بەو رادەیە لەیەك جیاببنەوە، ئەگەرچی رەنگە دوو كولتووری جیاواز بژین، زۆركەسم دەبینی كە لەوێ دەژیا، یان فەرەنسییە یان یۆنانییە، كورِو كچی رۆژئاوایە، لە زۆر سیفاتی سەیردا لە منێكی نەگبەتی هەولێریی دەچێت. لە كۆنفرانسەكەدا تووشی پیاوێك بووم دەیوت؛ سەدان برادەری ئافرەتم هەیە، شەوانە لەگەڵیان دەمێنمەوە، بەلاٌم ن ناتوانم لەگەڵ كەسێك بنوومو جووتبم، ئەگەر بێتو زۆر بەقووڵی خۆشمنەوێت، من بەلامەوە سەیربوو، نووسەرێكی رۆژئاوایی رستەیەكی وا بە من بڵێت، وتی ژنەكەشم دەزانێت كە وایە. وتم من لە تۆ دەچم كە رۆژهەلاٌتیشمو زۆر كەس بە كەرم دەزانێت، بۆیە هەستدەكەم جاری وا هەیە رۆحەكان دەكرێت بەریەكتری بكەون، ئەگەر رۆحەكان جوان بن بەریەك دەكەون، ئەگەر ناشرینیش بن بەریەك دەكەون، وەك چۆن ئێمە لێرە قاقا پێدەكەنین بۆ شتی سادەو نوكتە، ئەوانیش پێدەكەنن، وەك چۆن عەشق دەمانگرێنێت، ئەوانیش عەشق دەیانگرێنێت، وەكو منو تۆ غیرە لەیەك دەكەن، وەكو منو تۆ دەجەنگن، وەك منو تۆ شەرِدەكەن، وەك منو تۆ، سوور هەڵدەگەرِێنو تورِە دەبن، وەكو منو تۆ، شكستو هەرەسو دۆرِان ئەزیەتیان دەدات، ئیدی سیفەتەكان هاوبەشن، بەلاٌم رەنگە جیاوازیی كولتوورێك لەگەڵ كولتوورێكی دیكەدا هەبێت كە ئەو فێرە ئازایەتی بووەو رووبەرِووی شتەكانی خۆی ببێتەوە، من فێرە شكستو ترسنۆكی كراوم كە رووبەرِووی نەبمەوە. من فێری سەركێشی نەكراوم، لە منداڵییەوە كچەكەم فێرنەكراوە. ئەو شەو بەرِێگادا دەرِوا بە تەنیا، بەبێ ئەوەی باكی بەوە بێت لەوانەیە پەلاماربدرێتو بكوژرێت، بەلاٌم هیچ ئافرەتێك نییە لەم كولتوورەی تۆدا، نیوەشەو بێتە دەرەوەو بڵێت حەزم لە پیاسەیە، بەس لەوێ كە حەزی لە پیاسە كردبێت، دێتە دەرەوەو دەكرێت پەلاماربدرێتو دەیان ئافرەت لە نیوەشەودا لەوێ كوژراوەو چیرۆكی كوژرانی ئافرەتەكان ئیتر واناكات كە كچێك نیوەشەو نەیەتە دەرەوەو پیاسەنەكات. لەوێ كولتوورەكەی فێری ترسو شەرمێكی وات ناكات كە ئێمەی تێدا خنكاوینو ئەوەندە سیخناخ ناكرێت بە حەلاٌلو حەرام، ئەوەندە تابۆت بۆ دروستناكرێت، لەوێ شتێك نییە ناوی پیرۆزیی بێت كە ئێمە ئیش لەسەر پیرۆزیی دەكەینو ئەگەر لەوێ ئیش لەسەر یەقینو ئیش لەسەر گومان دەكرێت، ئەگەر لەوێ سیستمی پەروەردە فێرتدەكات قسەبكەیتو بدوێتو دەمەتەقێ بكەیت، لێرە فێری كەرِولاڵیت دەكات، جیاوازییەكان لێرەدایە، لەوێ عەشق بە ئاشكرایە، لەناو میترۆو پاسەكانو ژێرزەمینەكانو سەرزەمینەكاندا دەكرێت، لێرە عەشق دیمەنێكی حەرامە، تا ئێستا جیاوازییەكان لێرەدایە، بەلاٌم من دەیان كورِو كچم بینیوە لەوێ لە كاتی دۆرِانی عەشق، دەگرینو وەكو منو تۆ قورِ دەپێون، وەكو منو تۆ هەرگیز ناڵێن من یارێكی تر دەگرم، ئەو رەنگە بەیانی یارێكی تر بگرێت، بەلاٌم دەگری بۆ ئەو دۆرِانە، ئەمەیان جیاوازە، گوایە ئازادی سێكسیی هەیە، ئەوە قەت واینەكردووە خەڵك ماناكانی عەشق بدۆرِێنێت تا ئەو شوێنەو گوناهێكی زۆر گەورەیە وابڵێین. خەڵك لەوێ هەیە تا ئێستا بۆ عەشق دەژیو دەمرێتو خەڵك هەیە تا سەرئێسقان دەیەوێت نیشتیمانی خۆی بەجێنەهێڵێتو بجەنگێت، ئەو ئەفسەرەی چیرۆكی منی تۆماركرد، چیرۆكی پەنابەری من، لە من زیاتر ولاٌتەكە خۆی خۆشدەویستو بواری هەبوو بچێتە دەرەوە، بەلاٌم دەیوت دەبێت من لە فنلەندا بم، دەزانم فنلەندا نۆ مانگ خۆری تیانییە، بەلاٌم فنلەندام لە هەموو ولاٌتێك زیاتر خۆشدەوێت، لەبەرئەوەی زێدی باوو باپیرمە، بۆیە من گەرِامەوە، وتم لێگەرِێ بگەرِێمەوە، ولاٌتێكی جوانتان هەیە، بەلاٌم من تێیدا زۆر نەگبەتمو بەختەوەر نابم، هیلاكیم گەیشتە ئەو رادەیە پێمبڵێت من بە پشتو بە كۆڵ دەتبەمەوە، مادام تۆ ئەوەندە هیلاكیت، بۆ ئەوەی بگەرِێیتەوە ناو خەڵكی خۆت، كەواتە خەڵكێك هەیە وەكو منو تۆ ولاٌتی خۆی خۆشدەوێتو خەڵكیش هەیە وەك منو تۆ یان برادەرێكمان، نازانم لە كوێ دەكرێت درۆبكات لە خاكو نیشتیمانی خۆی، مرۆڤناسەكان ئەوانەی كە خەریكی ئەنسرۆپۆلۆژیانو مرۆڤناسین، زۆر پێیان عەیبە لەم سەردەمەدا بڵێیت كولتووری یان كۆمەڵگەیەكی یان خێڵێكی ناو دارستانەكانی ئەفریقا یان هندییە سوورەكان یان ئوستورِالییە كۆنەكان لە ئێمە نائینسانیترو ناشیرینترنو پێویستە بەمەدەنییان بكەین، چونكە لەو كۆمەڵگا زۆر سەرەتاییانە، ئەوەندە شتی جوان هەبووە كە لە كۆمەڵگەی ئەمریكیو فەرەنسیو بەریتانی نایگاتێ، ئەوەندە رێورِەسمو دابونەریتی جوان هەیە كە هەموو شارستانییەتی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی كە بانگەشەدەكات بۆ جوانیی مرۆڤ، هێندەی ئەوان جوان نین. سەرۆكی خێڵێكی هندی سوور دەبێت یەكەم كەس بێت پێشوازیی لە باڵخبوونی كورِوكچێك بكاتو جەژنیان بۆ بگێرِێت، سەرۆك خێڵێك بەم دابونەریتو رێورِەسمو یاسایانەوە بۆ لە سەرۆكی ئەمریكاو سەرۆكی ئێمە جوانتر نییە؟!. ئەوە بۆیە قەت ئانترۆپۆلیژستەكان قسە لەسەر ئەوەناكەن كام كۆمەڵگە جوانەو كام كۆمەڵگە ناشرینەو كامەی كراوەو كامەی داخراوترە، مرۆڤی سەرەتایی هەیە كە ئێمە بە كێوییو وەحشی دەزانین، پێشوازیكردنیان لە باڵخبوونی كچێكو كورِێك جوانترە، بە هەزار جار لە كراوەترین كۆمەڵگەی رۆژئاوایی، كە هێشتاش رەنگە گەلاٌی گیا بخۆنو لە سەراوی ئاسك بژین، بەلاٌم پێشوازیكردنیان لە باڵخبوونی كورِو كچێك جوانترین پێشوازییو ئاهەنگە، تۆ نازانیت لە كوێدا جوانیو ناشیرینی هەیە، ئێمە چوزانین.